دیسان شاعیر لەپارچە شیعرێکی تری دا، هەمان بیروباوەڕی پێشتر دەخاتەڕوو کەخۆی (کورد)، بەهەڤاڵی عەرەب و چەرکەس و ئەرمەن دادەنێت و دەڵێت: هەمووومان یەک دڵمان هەیە لەیەکتر تێدەگەین، ئەویش زمانی دۆستایەتی و ئاشتییە:

سوارێ کەشتی بووم،
تەڤاپێنسەد هەڤاڵی،
هەر یەک ژ وان ژ من بێترب هەیەجان،
هنەک ژ وان عەرەبن
هنەک ژی چەرکەس ، کوردو ئەرمەنن...
لێ هەموو یەک زمان و یەک دلن،
زمانێ دۆستانی، ئاشیتی...(٣)

سەبارەت بەو شاعیرانەی کوردیش، ئەوانەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی ژیاون وەکو (گۆران، بێکەس، پیرەمێرد و عەلی فەتاح دزەیی) ئەوا بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو گیانی برایەتی کوردو عەرەب لە شیعری زۆرێکیان دا ڕەنگ دەداتەوە کە بێگومان ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ شۆڕشی گەلی عیراق بوو بەگشتی، هەروەها لە بەندێکی دەستووری ئەو کاتی کۆماری عیراق دا، هاتبوو کە کورد و عەرەب هاوبەشن لەم

٣- پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، تاریخا ئەدەبیاتا کورد -١- ستۆکهۆلم. ١٩٨٣ ل١٨٧

نیشتمانەدا، بەشێوەیەکی کارەکیش کورد و عەرەب لەو کاتەدا بۆماوەیەک وەک برا دەژیان، بۆیە ئەم واقیعە لەشیعرەکانی ئەو شاعیرانەدا، بەرجەستەدەبوو، قەدری جانیش یەکێ بوو لەو شاعیرانە کەئەو بارودۆخەی زۆر بەدڵ بووە لەچەند شیعرێک ئاماژەی پێ کردووە کە ئەمەش هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانەی شاعیر دەسەلمێنێت:

کوردو عەرەب بەبرایی
ل سەر رێیا ئاشتی
بەیەک دل و بەیەکجان
ئازاد کرن نیشتمان(٤)

بەرامبەر بە پەیڤی شەڕو ئاژاوە، ئاشتییە، کە رامان و راڤەکانی شەڕ بەسەریەکتر ئەروخێنن، هەروەها رق وکینەش بەرامبەریان دۆستایەتی و خۆشەویستییە، برایەتی و یەکگرتنیش سەنگی مەحەکی خۆڕاگرتن و بەرخودان وبەرەو پێشچوونە، ئامانجی سەرەکی ئەم سێ کوچکەیە شاعیر قووڵ دەکاتەوە، بەرامبەر یەک ئامانج کە ئەویش ئاشتییەویەکێکە لە خەسڵەتە پیرۆزەکانی مرۆڤ بەرامبەر بە مرۆڤایەتی، لەم فەزایە شادو دڵڕفێنەدا زمانەکانی بێ ئاگایانە هاوار دەکەن بژی ئاشتی و دۆستایەتی:

ئەم گیهیشتن «ئودەسا»!
مەحشەرا براتی...

٤- قەدری جان، نامە بۆ ئێستگەهێ رادیۆ تاران، ر: ئازادی، ژ: ٤٦، کەرکووک ١٩٥٩ .

گروهـ- گروهـ خەلک، ژن، مێر، پیرو زارۆ
ل بەندێ مەبوون،
مینا کەرییێ بەرخ و مییان
ئەم ل سەر هەڤ کەلیان،
مە هەڤدو هەمێز دکر،
مە هەڤدو ماچ دکر،
ژ چاڤان هێسترێن کێفخوەشی و دلگەشی،
د هەرکێن سەر روویان.....
دەنگی «بژی ئاشیتی و دۆستانی»
دچوو ئەزمانان...[٥]

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا منیش لەگەڵ بیرو بۆچوونەکەی زانایی ناوداری کورد پرۆفیسۆر (قەناتی کوردۆ)م کە دەڵێت: (هەر کەسێ ئەم شیعرانەی قەدری جان (ئەز دچم مۆسکۆ، بەگێ ئاخرزەمان، رییا تازە) بخوێنێتەوە دێتە سەر ئەو بڕوایەی کە قەدری جان بەم شیعرانە دەکەوێتە مەیدانی شیعری تێکۆشەرانی هەموو نەتەوەکانی ژێردەست، کە ئەویش وەک جگەرخوین بووەتە بازی سەربەستی و ئازادی، بووەتە هەڵۆی بانگەوازی دۆستی و هاوکاری نەتەوەکان، بووەتە دەنگبێژی ئاشتی نێو نەتەوەیی).[٦]

٥- پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨ .
٦-هەمان سەرچاوە. ل١٨٧ .

بەشی دووەم

شاعیر و سەرکردە کوردەکان

هەمــوو گــەلێکی چەوســاوە پێــویســتی بە ســەرکــردەیەکی لێـهـاتووهەیە بۆ ئەوەی سەرکێشی بزاڤی رزگاریخوازی ئەو گەلە بکات. ئەگەر چاوێک بە مێـژووی گەلانی جیـهـاندا بخشـێنین دەبینین هەر مـیللەتێک چەند شـۆڕشگێـڕێکی لێـهـاتووی تێـدا هەڵکەوتووە، بۆ بەرەو پێش بردنی کاروانی رزگاریی میللەتەکەی، ئەم شۆڕشگێڕانەش هەتا... هەتایێ لە دڵی میللەتەکانیاندا دەژین و دەبنە رەمـزی هەمـیـشـەییـان، لەوانیش «غـاندی وتیـتـوو گـیڤـاراو ماوتسی تۆنگ و ماندێلا... تاد». لە ناو کوردیشدا چەندین ناوی دیار دەبینین. کـەوەک ئەسـتـێـرە لە ئاسـمـانی گەشی کـوردسـتـان دەدرەوشێنەوەو هەمـیـشـە بوونەتە هەوێنی شـیـعـری شـاعـیـران بە تایبەتی ئەوانەی تادوا هەناسەی ژیانیـان کۆڵیـان نەداوەو لە بڕینی کـاروانی رزگـاری خـوازیدا بەردەوام بوون، تەنانەت ژمـارەیەکی زۆریان چوونەتە ژێر سێدارەی دوژمنان، لەم ناوە دیارانەش «شێخ عــوبەیدوڵلای نەهری، شــێخ عــەبدولســەلامی بـارزانی، شــێخ مـەحـموودی حەفـیـد، شێخ سـەعـیـدی پیـران، پێشـەوا (قـازی محـەمەد)، بارزانی نەمر... تاد» هەندێ لەم سەرکردانەش بوونەتە هەوێنی شیـعرەکانی قـەدری جانی نوێخوازو نیشتمـانپەروەر. لە خوارەوەدا چەند نموونەیەک دەخەینە بەرچاو کە لە ویژدانی ئەم کەڵە شاعیرەدا رەنگیان داوەتەوە:

پێشەوا قازی محەمەد (١٩٠٠-١٩٤٧)

روخانی کۆمارە ساواکەی کوردستان (کۆماری مەهاباد) کارەساتێکی هێندە جەرگ بڕ بوو کە هەموو کوردستانی هەژاند، ئەو کۆمارەی کەیەکەمین جار کورد سەربەخۆیی خۆی تێدا ئاشکرا کرد، ئەو سەردەمەش نەک تەنیا کوردەکانی کوردستانی ئێران، بەڵکو تێکڕای کوردەکانی کوردستان ئەو کۆمارەیان بەهی خۆیان زانی، بۆیە لەگەڵ روخانیدا چەندین شاعیر لە پارچەکانی تری کوردستان شیعریان بۆ هۆنیوەتەوە. لە هەمووشی جەرگ بڕتر لەسێدارەدانی پێشەوای قارەمان و چەندین قارەمانی تر بوو، لە رۆژی ١٩٤٧/٣/٣١دا، کە کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەسەر کەسانی خاوەن هەست و سۆزو ویژدان. شاعیریش یەکێک بوو لەو رۆشنبیرانەی کە ئەم خەمە زۆرکاری تێ کردووە، بۆیە جوانترین هۆنراوەی بۆ هۆنیتەوە، وەک دەڵێت:

ئەفسووس!... ئەفسووس!
چ دەردەکی گرانە!
برینەک بێ دەرمانە!
ژ دل نالین...
ژ دەڤ کالین...
هەزار ئاه، هەزار زارین
ژ چاڤێن مە هێسترین خوین
تێنە جۆش... تێنە خرۆش[(١)]

١- قەدری جان، شینا پێیشەوایی مەزن قازی محەمەد، و: ئەندازیار عەزیز بۆتانی، ر: العراق، ژ: ٢٨٢٠، ١٩٨٥ .

شاعیر تەنیا بەم پارچە شیعرەی سەرەوە کەل و کۆی دانەمرکاوە بەڵکو درێژە بە شیعرەکە دەدات و بەدەنگی بەرز هاوار دەکات و مژدەی پێ دەدات، ئەگەرچی تۆی رابەری ئێمەیان شەهید کرد، بەڵام ناوی تۆ هەمیشە لە ئاسمانی کوردستان وەک ئەستێرە دەدرەوشێتەوە، ئێمە ئەو بۆمبە ئەتۆمیەین کە گەرماییەکەی لەناو دڵماندایەوتۆ دروستت کردووە، هیچ کەسێک ناتوانێ ساردی بکاتەوە، تۆش ئەی شەهیدی ئەبەدی، ئۆغرت خێر بێ و سڵاومان بگەیەنە رێبوارانی ئەم رێبازە، بژی ناوی پیرۆزی ئێوە، بژی کوردستان، بەگیانی ئێوە مێژوو و داستانەکانمان ژیانەوە:

ئەی پێشەوایێ ناڤدار
دوژمن ئەگەر توکوشتێ
ناڤێ تە یێ پڕ شێرین،
هەتانی ئەبەد هشتێ
هەر جارا کو لنگێ وە،
سەر سەرێ وان کل دبوو
گیانێ وە بلندتر،
بەر ب ئەزمان هل دبوو،
ئەم دزانن..
هوون نە ئەوکەسێن کو هیچ بترسن
ل سێپایێ دوژمنان
تاکو دەڵێت:
ئەی شەهیدێن ئەبەدی

ئوغراوە یاخێرێ بە
سەلامێ مە ل وان کن
هەرکی رێوی یێن ڤێ رێ نە
ناڤێ وە، ئەوێ بژی...
ئەوێ کوردستان بژی
گیانێ وە، د دیرۆک و داستانان ڤەژی.(٢)

لە شیعرێکی تردا بەناوی (نامە بۆ ئێستگەهێ رادیۆ تاران) شاعیر روو لە بێژەری ئەم رادیۆیە دەکات و پێی دەڵێت: مەگری بۆ ئەو کەسانەی کە ئازادن، مەگری بۆ ئەو کەسانەی کە دوورن لە ئێش و ئازار، ئەگەر تۆ راست دەکەیت و کوردت خۆش دەوێ، بۆچی بۆ ئەو پێشەوایە ناگری کە بەزۆری و دوژمنکارانە لە سێدارەیان داو هیچ تاوانیشی نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ داوای مافی رەوای گەلی ستەمدیدەی خۆی دەکرد، دەیویست گەلەکەی چیتر ژێر دەستە نەبێ و زۆری لێ نەکرێ، کاتێکیش کە تووشی شکست هات گوتی: من دەمەوێ ببم بەقوربانی ئەم گەلە باچیتر گەلەکەم نەکوژرێ و لە ناونەچێ. دە بۆ ئەم شۆرشگێرەو ئەم سەرکردەیە بگری و بۆ کۆماری مەهابادی ساواو یەک ساڵە بگری بۆ پایتەختی وردوخاش کراو بگری، بۆئەو شوێنە بگری کە پاشماوەی ناپاڵم و ئەتۆم و خەلوز گڕی زۆرداری لەسەری پەرش و بلاوە، هەروەک دەڵێت:

بگری... بکە هاوار...
بو پێشەوایێ ل بن سەدار

٢- هەمان سەرچاوە.

مەگری بۆ کەسێ ئازاد
بگری بۆ، مەهاباد
بگری بۆ پایتەختێ تارومار
بگری بۆ ئەو پارچە: نیشتمانێ بریندار[٣]

٣- قــەدری جــان، نامــە بۆ ئێــســتگەهێ رادیۆ تاران، ر: ئازادی، ژ: ٤٦،
کەرکووک ١٩٥٩ .

بارزانی نەمر (١٩٠٣-١٩٧٩)

بارزانی سەرکردەو رابەرێکی دیکەیە، کە دەبێتە هەوێنی شیعرەکانی شاعیر، هەر بۆیە بە چاوێکی پیرۆز دەڕوانێتە بارزانی شۆڕشگێڕو پێشەوا، کە وەک سمبوولی خەبات خۆڕاگری پیشان دەدات، جێگایەکی تایبەتی و فراوانی لە ناو دڵە گەورەکەی خۆی بۆ داگیر دەکات، کاتێک بارزانی لەساڵی (١٩٤٧) داستانە مێژوویییەکەی تۆمار دەکات و سنووری سوپای سێ دەوڵەتان دەبەزێنێ و دەچێتە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، شاعیر لەخۆشەویستی سەرۆکی نەمر و داستانە قارەمانەکەی ئەم پارچە شیعرە دوورودرێژە دەهۆنێتەوە، کە دەڵێت:

بارزانی... بارزانی...
کی
ڤی
ناڤی
نزانی؟
هەرکەسی دیت،
هەرکەسی بهیست
ل رۆژهلات...
رۆژهلاتا ناڤین...
زڤستان و هاڤین..
کی دکە جەنگ؟ کی دکە خەبات؟
ل هەمبەری چەند دەولەتان،
ئەو دژمنێ ملەتان،